# لاندسئۆرگانیزاسیۆنن ٧٥ساڵ[1]

Landsorganisationen[2] 75 år

**ڕێبوار ڕەشید**

**لە سوێدیەوە کردوویە بە کوردی**

**ئەو چەند مانگەی دووایی هەموومان ئەو پۆستەرە ناسراوەیەمان بینیووە کە بۆ ٧٥ ـ هەمین ساڵڕۆژی ئێل ئو (LO) چاپ کراوە. پۆستەرەکە وێنەی ڕێپێوانێکی بزووتنەوەی کرێکاری لەسەرە لە تافی منداڵییدا. ئەو پۆستەرە یەکێکە لەوانەی سەرنجمان ڕادەکێشێت و دەمانخاتە ئەندێشەیەکی قووڵەوە.**

**باشە ئەوە چییە کە لەو پۆستەرەدا وا گرینگە؟**

**خۆ وێنەی ئەو پیاوە نییە کە سەرکاروانە. وێنەکەی ئەو ڕۆژانە و ئاساییە. جلوبەرگی ساکارە. بەڵام ئەو پیاوە ئاڵایەکی هەڵگرتووە و لەسەر ئاڵاکە سێ شت نووسراوە:**

- **پرۆلیتارانی جیهان یەک بگرن**
- **هەشت کاژێر کار**
- **مافی دەنگدان بۆ هەمووان**

**ئەوجا لە پشت ئەو پیاوەوە ڕێپێوانەکە دەجمێت. وێنەکە وێنەی گەلێکە کە لە ڕێپێواندایە. مرۆڤەکانی ئەم ڕێپێوانە هەژار و چەوساوە بوون. مافی دەنگدانیان نەبوو. ناحەز دەبینران. بەڵام هەر ئەمانەی ئەم ڕێپێوانە بوون کە لە پلەیەکی باڵادا سوێدی نوێیان ئاوا کرد. ئەم کارەیان بە هێزی هاوپشتێتی خۆیان ئەنجامدا، ئەو هاوپشتێتیە یەکیخستن. سوێدی نوێیان بە هێزی بیری هاوخەباتیی و دادوەریی خولقاند.**

**سێ دانە دروشم لە ڕێپێوانەکەدا هەبوو.**

***پرۆلیتارانی جیهان یەک بگرن* – هێز لەو هۆشیاریەوە وەردەگیرا کە کرێکاران لە هەموو جیهاندا لە هەمان خەباتدا لە پێناوی نرخی مرۆڤدا یەکی دەگرت و وزە بە ئومێدی گەش سەبارەت بە هاوپشتێتی نێونەتەوەیی دەدرا.**

***مافی دەنگدان بۆ هەمووان*. کرێکاران دەیانویست لەگەڵدا بن و لە کۆمەڵگادا بڕیار بدەن. خۆ نابێت دەستەڵات هەر لە دەستی ئەوانەدا بمێنێتەوە کە لەسەر حوکم دانیشتوون. کرێکاران دەیانویست کاریگەریی سیاسییان هەبێت.**

---

[1] ئەم وتارە ئاخافتنێك بووە کە ئۆلوف پاڵمە بە بۆنەی ساڵگەردی دامەزراندنی لاندسئۆرگانیزاسیۆنەوە لە سکانسن (Skansen) لە ١٩٧٣/٨/١٢ دا کردوویەتی.

[2] ئەم ناوە بە سوێدی "لاندسئۆرگانیساشون" دەخوێندرێتەوە. لاندسئۆرهانیساسیۆن بریتیە لە گەورەترین و کۆنترین ڕێکخستنی سەندیکایی سوێدیی کە ساڵی ١٨٩٨ دامەزرێنرا و ئێستا زیاتر لە ١٨٠٠٠٠٠ (یەك ملیۆن و هەشت سەد هەزار) ئەندامی هەیە. لە ساڵی ٢٠٠٠ ـەوە ڤانییا لوندبی - ڤێدین Wanja Lundby-Wedin سەرۆکی ئێل ئو ـەوە و هەروەها بەرپرسی سەندیکای ئورووپییە EFS کە لە ٣٥ وڵات هەیە و ژمارەی ئەندامانی دەگاتە ٦٠ (شەست) ملیۆن. ئەمە ناونیشانی ماڵپەڕەکەیانە: www.lo.se

*ڕۆژی هەشت کاژێر کار.* کرێکاران دەیانویست کاریگەریی سیاسیی خۆیان بۆ ئەوە بەکاربهێنن کە هەلومەرجەکانی ژیان بگۆڕن، کە کار بکەنە سەر هێزە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان بۆ دادوەریەکی زێدەتر.
سەبری ئەوان شایانباس بوو. لە دەیان ساڵدا ڕێپێوانەکان بە بێ هیچ وەڵامدانەوەیەک لە دەستەڵاتدارانی ئەو سەردەمە وەربگرن، دەیانکوتا. لە دامەزراندنی ئێل ئو ـ ەوە بۆ گەیشتن بە مافی دەنگدان بۆ هەمووان و بۆ هەشت کاژێر کار لە ڕۆژێکدا ٢٠ساڵی خایاند. ئەو کاتە دامەزراندنی ئاشتیانەی کۆمەڵگا توانی بەو ڕێگا تەواو دیموکراتیە دەست پێ بکات.
هێلمار برانتینگ Hjälmar Branting لەو کاتەدا ئاوای دەگوت:
"ئێمە بە درێژیی ژیانی مرۆڤێک خەباتمان بۆ دیموکراتی کردووە. ناکرێت وا بڕوامان پێ بهێنرێت کە گوایا ئەو خەباتەمان بۆ خەیاڵێکی بێ فەڕ کردووە. ئایا بە ڕاستیی کەسێک هەیە کە بە جیددیەوە ئارەزووی ئەوە بکات کە لەوێدا بووەستاینایە کە ئەوسا تێیدا بووین، ئەو کاتەی کە بۆ وەدەستهێنانی مافی دەنگدان خەباتمان دەکرد؟ هەموو کەسێک تێدەگات کە ئەوە ماقووڵ نییە. زۆربەی زۆری خەڵکەکان تەنانەت ئەوەش تێگەیشتوون کە نەتەوەیەک ناتوانێت بێ دیموکراتیی بژی. ئەوە هەر زۆر جێی مەترسیە کە ئەو هەستە لای کرێکاران لاواز بکرێت، چونکە ئەمە دەبێتە مایەی ئەوەی کە چینەکانی دیکە دووبارە دەستەڵات بخەنەوە ژێر دەستی خۆیان. ئەو چینانەی کە دژی چینی کرێکار وێستاون هەرگیز لە ڕاستیدا ناتوانن هاوسەنگەری باشتریان لەوانە دەست بکەوێت کە لە ناو چینی کرێکاراندا دەیانەوێت دیموکراتی بە شتێکی بێنرخ لە قەڵەم بدەن".

ساڵانی ١٩٧٣ ئافەرینکردن و سوپاسگوزاریی بەرانبەر بە ئێل ئو نیشان درا. ئێستاش هەمووان ڕێزی خۆیان نیشانی ئێل ئو دەدەن. لە بناخەدا ئەمە دەربڕینی ئەو ڕێزەیە کە چینی کرێکار بۆ خۆیی وەدەستهێناوە.
هەمووان دەزانن کە بزووتنەوەی سەندیکایی پشتوێنی هێزە بۆ دیموکراتی. دامەزراندنی کۆمەڵگا لە سوێد ئاشتیانە بەڕێوە چووە. ململانێ کۆمەڵایەتیەکان توند بوون، بەڵام دووچاری تێهەڵچوونی زەبرئامێز نەبووین، ئێمە تووشی ئەو کارەساتە نەبووین کە هاووڵاتی دژ بە هاووڵاتی بکەوێتە جەنگێکی دیارەوە. ئێمە لەو تاڵیچێشتن و قەتیسمانە ئابووریی و ڕۆچوونە ئابوورییە سەلامەت دەرچووین کە شۆڕشی زەبرئامێز لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دژواریی و زەحمەت هەر هەبوون. کرێکارانی وڵاتەکەمان هەروەکوو کرێکارانی وڵاتانی دیکە خێزانەکانیان نەدارییان چێشتووە. هەژاریی لێرە لە وڵاتی ئێمەیش هەروەکوو شوێنی دیکە دژوار بووە.
لەم وڵاتەش هەرا، هەرای ناساز، دژ بە دیموکراتیی کراوە. ڕکی دزێوی فاشیزم لە مرۆڤ لە وڵاتی ئێمەیش نوێنەری خۆی هەبووە. کات هەبووە کە سێکتگەلی شۆڕشگێر بووژاونەتەوە و پاشانیش لە چاو ونبوون. بەڵام گەلی سوێد شێلگیرانە دیموکراتیی پاراستووە. کاری ڕۆژانەی بە سەبری ڕیفۆرمیزم بەردەوام بووە. ئێمەیش دەزانین کە دیموکراتیی تەنها سیستەمێکی کۆمەڵگایە کە تیایدا مووچەخۆری ئاسایی بڕەو بە بەرژەوەندی و بیری خۆیان بدەن.
بزووتنەوەی سەندیکایی هەرگیز کۆنەپارێز نەبووە وا کە بێت و ببێت بە پارێزەری دۆخی ئێستا. لەبەرئەوە ئەرکی هەرە سەرەکیی ئەم بزووتنەوەیە ئەوە بووە کە هەوڵ بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا و گۆڕینی هەلومەرجی ژیان بدات. هەموو ڕێککەوتننامەیەکی نوێ، هەموو هەنگاوێکی سەرکەوتنی نوێ سەبارەت بە هەلومەرجی کار و زێدەکەلک لەم گۆڕانکاریانەدا ڕۆڵی باش دەبینن. بەڵام گرینگترین ئامراز هاوکاریی نێوان بزووتنەوەی کرێکاری و سۆشیالدیموکراتییە کە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی بزووتنەوەی کرێکارییەوە مۆرکی خۆی لە ژیانی سیاسیی ناو وڵاتی ئێمە داوە.
ئێرنست ڤیگفۆرس Ernst Wigforss گوتویەتی، ئەگەر پارتێکی سۆشیالدیموکراتیی دروست نەبووایە، ئەوا

[3] گفتوگۆی مووچە Avtalsrörelse

بزووتنەوەی سەندیکایی پارتێکی سۆشیالدیموکراتی هەر دادەمەزراند.
ئێمە دەبێت شانازیی بەم هاوکارییەوە بکەین. خەبات دژی هەژاریی و بێکاریی و بۆ ئەو فۆرمە بنچینەییە دڵنیایانە نیشانی دەدات کە ئەوە چ مانایەکی هەیە کە لایەنی بزووتنەوەی کرێکاریی سەندیکایی و سیاسیی پێکەوە بن و کە پێکەوە گۆڕانکارییەکان بەرەو پێشەوە ئاراستە بکەن.
بزووتنەوەی سەندیکایی هێزی خۆی لە هەستی هەبوون و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیەکی بەردەوام بۆ کۆمەڵگا وەرگرتووە. بێگومان لە بزووتنەوەی سەندیکاییدا پێش هەر شتێک نوێنەرایەتی گرووپی خۆ دەکردرێت و بیر لە بەرژەوەندی گرووپی خۆ دەکردرێتەوە، بەڵام هەروەها بزووتنەوەی سەندیکایی ئەوەیشی بۆ دەرکەوتووە کە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گرووپەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگا و نیشاندانی سەبر (تۆلەرانس) بەرانبەریان پێشمەرجێکە بۆ گەیشتن بە چارەسەری خۆگر و دروستکار لە گیروگرفتی جیاوازدا. ئەم هەستی بەرپرسیارێتییە بەرانبەر هەموو کۆمەڵگا ئاکامی توند و قایمی بزووتنەوەی سەندیکایە، بەڵام هەروەها ئاکامی ئەو کۆمەڵگابینیەیشێتی کە لە ڕەسەندا هەیەتی بەو داوایەوە کە لەسەر هەبوونی هاوپشتێتی لە سەرانسەری هەموو کۆمەڵگادا هەیەتی.
تۆکمەیی بەها دیموکراتیەکان و ویستی گۆڕینی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و هەستی بەرپرسیاریی بەرانبەر بە کۆمەڵگا دەبێتە مایەی سەقامگیریی و دڵنیایی بۆ ژمارەیەکی یەکجار زۆری مرۆڤ لە سوێد، تەنانەت بۆ ئەوانەی دەریشەوەی ڕیزەکانی بزووتنەوەی کرێکاریی، هەر لەبەرئەوەیە کە بزووتنەوەی سەندیکایی سوێدیی لە تەواوی جیهاندا ڕێزێکی زۆری لێدەگیرێت کە ڕەنگە لە چەشنی خۆیدا بێوێنە بێت. بزووتنەوەی سەندیکایی هەمیشە هەوڵی بۆ بەرانبەرکردنی کۆمەڵایەتیی و یەکسانیی داوە، بۆ بزووتنەوەی سەندیکایی دەرکەوتووە کە ئەو بەرابەرکردنە پێشمەرجێکە. ئەمە بۆ ناو ڕیزەکانی خۆیشی و بۆ کۆمەڵگاش بە گشتیی هەر وایە. سیاسەتی مووچەی هاوپشتیانە بریتیە لە ڕووخساری ٢٠ ساڵ لە کاری زەحمەت و بە سەبر و هاوکاتیش بەرنامەیەکە بۆ چۆنیەتی هەڵسوکەوتی بزووتنەوەی کرێکاریی لە ئاییندەدا.
ئەم سیاسەتی مووچەی هاوپشتیانەیە زۆر بە توندی ڕەخنەی لێگیراوە. پێداگیراوە کە ئەم سیاسەتە بێ مانایە. هەروەها [دەگوترێت کە] هێزەکانی بازاڕ ئاخریەکەی هەر مافی خۆیان دەستێنن. تاوانبار دەکردرێین کە ئەم سیاسەتە زیان لە پێشکەوتنە ئابووریەکان دەگەیەنێت.
هەردوو ئەم پێداگرتنە لە تاوانبارکردن ناتوانن دروست بن. هەردووکیان دەشێت هەڵە بن.
با بڕووانین: ئێمە دەتوانین جەخت لەسەر ئەوە بکەین کە بەرابەربوونی مووچە و مەرجگەلی دامەزراندن لە وڵاتی ئێمە، تا بزووتنەوەی سەندیکایی توندتر گرەوی لەسەر سیاسەتێکی مووچەی هاوپشتیانە کردبێت، خێراتر چووەتە پێش. لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی توێژینەوەدا کە لە ساڵیادی دامەزراندنی ئێل ئودا خرایە بەردەست، کە ڕودۆلف مایدنەر Rodulf Meinner ئامادەی کردبوو، ئەو سەرئەنجامانە بە بەرجەستەیی دەخاتە بەردەست. لە وڵاتی ئێمە بەرابەربوونێکی توند لە نێوان مووچەی ئافرەتان و پیاواندا بووە. دە (١٠) ساڵ لەمەوبەر مووچەی ئافرەتان لە کەرتی پیشەسازییدا لە سەددا حەفتای (٧٠٪) مووچەی پیاوان بوو. ئەمڕۆ ئەو ڕێژەیە لە سەددا هەشتاوسێیە (٨٣٪). ئەم بەرابەربوونە زۆر زیاتر لە ئی هەر وڵاتێکی دیکەیە. بە هەمان شێوە مرۆڤ دەتوانێت بە ژمارە نیشانی بدات کە چۆن بۆشایی لە نێوان مووچەی بڵند و نزمدا لە ناو پاوانی ئێل ئودا کەم بووەتەوە.
ئێمە دەتوانین ببینین کە ئەو سیاسەتەی مووچەی هاوپشتییێتی ئامرازێکی گرینگە بۆ دادوەریەکی گەورەتر و بۆ دادوەریی لە کۆمەڵگادا.
پێداگرتنەکەی دیکەیان هەر بە هەمان شێوە هەڵەیە کە گوایا سیاسەتی مووچەی هاوپشتیانە دێت و زەرەر لە هەل و لە شیاوکاریی ئێمە بۆ پێشکەوتنی ئابووریی دەدات. سوێد ئەمڕۆ لە دۆخێکی فرە پێشکەوتوودایە کاتێک کە دێتە سەر گەشەی پیشەسازیی. بە پێی توێژینەوەیەکی ئەمەریکیی نوێ کە ئەم دووایییە بڵاوکراوەتەوە ئەوا ئێمە ئەمڕۆ بەرهەمی زیاترمان هەیە سەبارەت بە هەر سەرێک [سەرە هاووڵاتیەک] وەکوو لە هەر وڵاتێکی دیکە. سوێد کاتێک بەو قۆناخە گەیشتووە هاوکات کە گفتوگۆی مووچە [3] لە دووای گفتوگۆی

مووچە زیاتر و زیاتر مەرجگەلی ئەوانە لەبەرچاو گیراوە کە مووچەیان نزمە. گرەوکردن لەسەر بەرابەرکردنی ناهاوسەنگیەکانی مووچە و بۆ باشترکردنی هەلومەرجگەلی ئەو مرۆڤانەی کە خراپترین دۆخی دامەزراندنیان هەیە لە ژیانی کاردا و هەروەهاش لە کۆمەڵگادا بە هیچ شێوەیەک ئاستەنگێک نییە لەبەردەم گەشەی ئابووریی و پیشەسازیی وڵاتەکەماندا. بە پێچەوانەوە ئەمە پێشمەرجێکە بۆ ئەوەی کە مرۆڤەکان بتوانن لەو گەشانەدا بەشدار بن. تەنها بەم شێوەیە ئێمە دەتوانین لە درێژخایاندا بەردەوام بین.
ئێل ئو بەو جۆرە توانیوویەتی کە لە ناو ڕیزەکانی خۆیدا بەرابەرییکردنێک لەسەر ڕێگای هاوپشتیانە بەرکەماڵ بکات. ئەمە دەستەڵاتێکی ڕەووشتیی فرە بەهێز دەدات بە مرۆڤ کاتێک کە مرۆڤ دێت و داوا دەکات کە بەرابەریکردنی کۆمەڵایەتی و هاوپشتێتی بە شێوەیەکی ئەوتۆی وا بەرفراوان بکردرێت کە سەرانسەری کۆمەڵگا بگرێتەوە.
هەرگیز ناتوانرێت ئەم داوایە تەنها لە ڕێگای سیاسەتی مووچەوە فەراهەم بکردرێت. ئەمە دەبێت تێکڕای کارکردەکانی وڵات بگرێتەوە و دەبێت لە تێکڕابینینێکی سەرانسەریەوە ڕابگیرێت.
بزووتنەوەی کرێکاریی لەو ساڵانەی دوواییدا بە وردیەکی زۆرترەوە درێژەی بە خەباتی  خۆی دژ بە بۆشایی کۆمەڵایەتی و لە پێناوی یەکسانییدا داوە. سیاسەتی ڕیفۆرمی ئەو پێنج ساڵەی دووایی بووەتە مایەی سەرئەنجامی شایانباس. ئەم کارە دەبێت بەرەو ئەنجامدان ببردرێت. هەمیشە هێزگەل دەبن کە گۆڕانکاریەکان بەرەو بۆشایی گەورەتر و نادادوەریی زێدەتر دەبەن. گۆڕانکاریەکان هاوکات هەلومەرجی نوێ دەهێننە ئاراوە بۆ بەرابەریکردنی بارودۆخی مرۆڤەکان.
لەبەرئەوە ڕێگام بدەن هەر زۆر بە ڕوونیی وەڵام بدەمەوە: بزووتنەوەی کرێکاریی دەبێت شێلگیرانە سیاسەتێک پێڕەو بکات کە مەبەستی بەرابەریکردنی کۆمەڵایەتیی بێت. ئەم کارە وەکوو پشتگیریەک لە گرووپگەلی پاشەوەخراو گرینگە. بە پێی باوەڕی ئێمە ئەمە سوود بە هەموو کۆمەڵگا دەگەیەنێت.
سیاسەتێکی ئاوا دەبێت گۆڕەپانگەلی بەرین بگرێتەوە: ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتیی و سیاسەتی بازاڕی کار، سیاسەتی ئاڵوگۆڕ و بازرگانیی و هەنگاوەچارەی تایبەتی بۆ بەرابەرکردنی ئافرەتان.
لە ئەمڕۆی ئێستاماندا دەبێت بە هێزێکی تایبەتیەوە گرەو لەسەر هێزەکانمان بکەین، سەندیکایی و سیاسیی، لەسەر نوێکردنەوەی کۆمەڵایەتی لە ناو پێوەندیەکانی ژیانی کاردا.
ژینگەیەکی کاری باشتر، مافێکی بە یاسا داکوتراو بۆ دڵنیایی دامەزراندن، کاریگەریەکی بەهێزتری مووچەخۆران لە ژیانی ئابوورییدا. ئەوەیە ڕێگای سیاسەتێکی بەرابەریی هۆشیارانە.
بۆ ئەوەی بە سەرئەنجامی کۆنکرێت بگەین دەبێت ئێمە ئێستا هەروەکوو لەوەبەر لەسەر ڕێگای هاوپشتێتی بڕۆین.
ئێمە پێویستمان بە هاوپشتێتی هەبوو بۆ ئەوەی دڕ بە کۆهەژاریی و کۆبێکاریی بدەین.
ئێمە پێویستمان بە هاوپشتێتی هەبوو بۆ ئەوەی بناخەیەکی دڵنیایی کۆمەڵایەتی بنچینەیی دابڕێژین.
هەر بەو شێوەیەش پێویستمان بە هاوپشتێتی دەبێت بۆ ئەوەی بتوانین پێوەندی باش و دڵنیای کار فەراهەم بکەین.
نوێکردنەوەی کۆمەڵایەتیانەی ژیانی کار و بەدیموکراتیکردنی ژیانی ئابووریی ئەرکی تازە و بەرپرسیاریەتیەکی بەرینتر لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن و دەخەنە سەرشانی بزووتنەوەی سەندیکایی.
من دڵنییام کە بزووتنەوەی سەندیکایی ئەو کاتەش دەتوانێت ئەم بەرپرسیارێتیە هەڵبگرێت و بە ئەندێشەی دروستکارانەوە دەکەوێتە تاوتوێکردنی ئەو ئەرکانە.
هاوپشتێتی هەروەها دیوێکی دیکەیشی هەیە. پارلەمان لەو ساڵەی دوواییدا چەندین بڕیاری سەبارەت بە سیاسەتی ناوچە دەرکردووە کە بۆ ئایندە گرینگن. مەبەستی ئەم بڕیارانە ئەوەیە کە هەلی باشی پێشکەوتن بۆ هەموو ناوچەکان بڕەخسێنرێت.
ئەمە ئەرکێکی گرینگە. هەموو وڵاتێکی پیشەسازیی لە جیهاندا لەگەڵ گیروگرفتی ناوجەییدا زۆرانبازیەتی. ئەو گیروگرفتانە بە هەبوونی کێبڕکێیەکی (ڕەقابەتێکی) توندتری نێونەتەوەیی وایان لێ نایەت کە هاسانتر

چارەسەر بکرێن. کۆکۆمپانیای فرەنەتەوەیی (Multinational) هاوکات لە چەندین وڵاتدا کار دەکەن و هەوڵدەدەن هێندەی کە بشێت لە پلانکاریی و سیاسەتی ئابووریی حوکمەتی ئەو وڵاتانە سەربەخۆ ببن.
ئەمە هەر لە خۆیدا ڕوونە کە وڵاتێکی بچووکی وەکوو ئەمەی ئێمە لە ناو ئەم پێوەندیانەدا دووچاری فشار و گوشار بۆهێنانێکی فرە دەبێت. بێگومان ئێمە دەبێت بە شێوەیەکی ئەرێنیی (پۆزەتیڤ) لە کاڵاگۆڕینەوە و بازرگانیی نێونەتەوەییدا بەشدار بین. ئەمە  بۆ پێشکەوتنی خۆمان کارێکی بڕیاردەرە. بەڵام دەبێت هەوڵ بدەین کە بتوانین دەستەڵاتمان بەسەر دۆخە ناجۆر و دژوارە کۆمەڵایەتیەکاندا بشکێت.
مەرجێک بۆ ئەوەی نەکەوینە بەردەست و نەبین بە قوربانیی هێزەکانی بازاڕی نێونەتەوەیی کە ببێت بە سەردارمان، ئەوەیە کە نەتەوەکەمان پێکەوە بە یەکگروویی بهێڵینەوە. ئەمە بێگومان ئەوەش دەگرێتەوە کە ئەو هاوبەشێتیەی لە نێوان شار و گونددایە بپارێزین.
ساڵێک لەمەوبەر هەر ئا لەم شوێنەدا ڕێگام بە خۆمدا و گوتم کە ئەم هاوبەشێتیەمان تێکدەشکێندرێت ئەگەر بێت و خەریکی ڕەخنەی یەکلایەنە بین لە شار و لە ناوچەی پڕ لە خەڵک.
ناوچەکان کە کەمێک گەورەترن و بەتایبەتیش شارە گەورەکان هەندێک جار وا باس دەکرێن کە بارێکی گران بن بە سەر شانی کۆمەڵگاکەمانەوە.
مرۆڤ لە ڕێگای ئەو جۆرە هێرشانەوە، بۆ نموونە بۆ سەر ستۆکهۆڵم، هیچ ئامانجێکی ئاقڵانە ناپێکێت.
بە پێچەوانەوە – ئەگەر بێت و هێرشێکی وا لە پراکتیکدا بە کردار بکردرێت – ئەوا دۆخگەلی هەبوونی هاوسەنگیی ناوچەیی تەواو خراپ دەکرێت. مرۆڤی ئەم شاری ستۆکهۆڵمە لە ڕێگای کاری خۆیانەوە لە ئاستێکی باڵادا کۆمەک بە پشتگیریی لە سیاسەتی ناوچەیی، بە بەرابەریکردنی باجی (ماڵیاتی) شارەوانیی و بە پشتگیریکردنی جووتیاران دەکەن.
ئەو مرۆڤانە هەروەها لە ئاییندەشدا لە ستۆکۆهۆڵم و لە شارە گەورەکانی دیکە دەژین و کار دەکەن. دانیشتووانی شاری ستۆکهۆڵم هۆیان زۆرە کە هەست بە شانازیی بکەن سەبارەت بە شارەکەی خۆیان کە یەکێکە لە هەرە شارە جوانەکانی جیهان. ئەمە دەتوانێت باشتریش بکردرێت. ژینگە دەتوانرێت باشتر بکردرێت، و باشتریش دەبێت کاتێک کە ژینگەی خراپی کار دەستتێوەردەدەین و باشتریان دەکەین، کە ترافیکێکی (هاتوچوونێکی) ئارامتر و دڵنییاتر ساز دەکەین، کە باخچەکانی منداڵان بەرفراوانتر دەکەین و خزمەتگوزاریی باشتر دابین دەکەین، کە گرەو لەسەر ناوچەگەلی سەوز و پارک و ناوچەی ئارامیبەخش دەکەین، کە ئاو و هەوا خاوێن دەکەینەوە و کە ڕێ لە غەڵبەغەڵب و پیسوپۆخڵیی دەگرین.
هەموو ئەم شتانە لە ساری ستۆکهۆڵم ڕوو دەدەن. دانیشتووانی شاری ستۆکهۆڵم ڕەنگە زیاتر لە هەر لایەنێکی دیکە گرەویان لەسەر ئەوە کردبێت کە ژینگەیەکی باش بۆ خۆیان و بۆ نەوەکانی ئاییندە بخەملێنن. ئەم کارە دەبێت بەردەوامیی پێ بدرێت، لەبەرئەوەی ستۆکهۆڵم شارێکە بارودۆخی ئاییندەیی باشی هەیە، و لەبەرئەوەی کە ئەزموونەکان فێریان کردووین کە ژیان تەندروستتر، ڕاحەتتر و دڵنییاتر دەبێت.
دانیشتووانی شاری ستۆکهۆڵم خەون بە پێشقەزاواتەوە نابینن یان بەوەوە کە دژ بە شارەکەی خۆیان بن. چونکە ئەو کاتە بەو شێوەیە دژ بە خۆیان دەبن. دانیشتووانی ستۆکهۆڵم ئارەزوومەندی ئەو جۆرە ئاخافتنانە نیین کە گوایە شارەکەیان بە کەڵکی ئەوە نایەت ژیانی تیادا بکردرێت. دانیشتووانی شاری ستۆکهۆڵم ڕەخنە لە شارەکەی خۆیان دەگرن و گفتوگۆ لەسەر ئاییندەی دەکەن. ئەوان باوەڕیان بە ستۆکهۆڵمە و دەزانن کە کاروبارێکی پیشەسازیانەی پڕ ژیان پێشمەرجێکی گرینگە بۆ ئەوەی کە شارەکە بایەخی بەو شێوەیە بمێنێتەوە.
بزووتنەوەی کرێکاریی شاری ستۆکهۆڵم ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو ئامانجەی بۆ خۆی دانابوو کە شارێک دابمەزرێنن لە کار و تەندروستیی و جوانییدا بێت. هەموو هۆیەک ئەوەمان پێ دەڵێت کە شێلگیرانە بۆ ئەو ئامانجە ڕێبپێوین.
ئەمڕۆ ئێمە لاندس ئۆرگانیزاسیۆنن پیرۆز دەکەین. ئەوەش بە باشترین شێوە کە بکرێت ئەوەیە بە توندی لە پشت ئەو بیرانەوە ڕابووەستین کە پایۆنێرانی (دەستپێشکارانی) بزووتنەوەی کرێکارییان ڕێنمایی دەکرد.

چونکە کۆمەڵگایەک کە لەسەر بناخەی هاوکاریی و هاوپشتێتیی دروست بکرێت هەر ئەوە نییە کە دەتوانێت بە شانازییەوە ئاوڕ بۆ دوواوە بداتەوە. لەوەش گرینگتر ئەوەیە: ئەو کۆمەڵگایە دەتوانێت بە خۆباوەڕییەوە ڕوو بە ئاییندە بووەستێت.

٢٠٠٧/٥/٢٦

**چەند پرسیارێک بۆ زیاتر قووڵبوونەوە:**

- لە وتارەکەیدا ئۆلوف پاڵمە ڕابردووی کۆن دەخاتە ژیانەوە و دووبارە، بەڵام بە کورتی دەیکات بە وێنە و نیشانی گوێبیستانی خۆی دەدات. ئایا لەو نیشاندانەدا تا چ ڕادەیەک سەرکەوتوو بووە؟
- ئۆلوف پاڵمە زۆر بە وردیی جەخت لەسەر خەباتی دیموکراتیی و بزووتنەوەی ڕیفۆرمیستانەی کرێکاریی دەدات، ئایا لە بەراوورد لەگەڵ بزووتنەوەیەکی بە شێوەی لێنین "شۆرشگێڕ" جیاوازیە سیاسیی و ئایدیۆلۆژیەکان کامانە دەبن؟
- ئایا دەکردرێت لە ڕووی مێژووییەوە دەستکەوتی کۆنکرێتی بزووتنەوەیەکی دیموکراتیی و ڕیفۆرمخوازیی لەگەڵ بزووتنەوەی/ یان بزووتنەوەگەلی بە شێوەی لێنین "شۆڕشگێڕ" بنووسرێتەوە و لە ڕووانگەی جوداوە لێیان بڕووانرێت؟
- ئایا ئۆلۆف پاڵمە بۆ جەخت لە بەرفراوانکردنی بزووتنەوەی کرێکاریی لەسەر ئاستی سوێد و جیهان دەدات و ئەوە چ پێوەندیەکی بە دەستەڵاتی ئێلیتی (نوخبەیی) و دەستەڵاتی دیموکراتیانەی بەرییندا هەیە؟ ئایا دەکرێت هەرەمێکی دەستەڵات و ڕێکخراوەیی بۆ ئەو دوو شێوە مۆدێلە جودایە لەسەر ئەو بناخەیە بکێشرێت؟